# جاران

حوسێن ئیسماعیل خان دەلۆ
husin966@yahoo.com

وشەی جاران رۆژانـە لـە ئاخـاوتنی کوردیـدا بـەکار دێـت بـۆ ئامـاژە و گوزارشـت کـردن لـە مێژوویێك یاخود رابردوویەك کە ماوەی ئەو رابردووە دیار نییە ، جاران بۆ یاد کردنەوەی یادەوەریەك یاخود بیرەوەریەك بـەکار دێـت ، هەنـدێك کـەس هەناسـە بـۆ جـارانی خۆیـان هەڵدەکێشن و خۆزگـەی پێـدەخوازن ، جـارانی هەرکەسـێك تەمـەنێکی لـە دەسـت چـووە و گەڕانەوەی مەحاڵە ، لە زمانی بیرکاریـدا لـە قوتابخانـەکان وشـەی جـاران بـۆ هێمـای ( فـی ( X ) ) بەکاردێت ، ئەوەی ئەز مەبەستمە بینوسم سەبارەت بـە وشـەی جـاران ئەوەیـە کـە گوزارشت لە رابردوو دەکات چونکە هەمووومان کاتێك ئەو تەمەنە تێدەپەڕێنین یادێك یان ئاوڕێك لە جاران دەدەینەوە .

جاران زۆر شت هەبوون ئێستا لە ژێر کاریگەری و کارتێکردنی زەمەنـدا گـۆڕانی بەسـەردا هاتووە کە بەشێکی زۆری بەرەو پێشکەوتن و پۆزەتیڤە ، بەڵام سەیر و سەمەرە لەوەدایـدا هەرچەنـد مرۆڤ پێش دەکەوێت لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکی لەرابردوودا یاخود جاران باشـتر بووە لە حاڵی حازر، هەموومان ئێستا لە ئایندەدا دەکەینە جاران ، هـەنگاوێك بـۆ پێـشەوە و ئاوڕێـك بـۆ داوەوە هـەنگاوەکانی ئـەو سـەردەمەمان ئـەکتیف و چـالاك دەکـات و تـاکو رادەیەك بێخەوش و بێکەموکوڕی دەبێت بۆیە هەمیشە دەبێت ئیش لەسەر جـاران بکـەین و ئەزمون لە رابردوو وەربگرین و بەرەو پێشەوە مل بنێین .

جاران لە ئێراقدا کەرەستە و ئامرازیەکانی چاپەمەنی پێشکەوتوو نـەبوو لەگـەڵ ئەوەشـدا هـەموو کتێبـەکانی پرۆگرامـەکانی قوتابخانـەکان لـە ئێراقـدا چـاپ دەکـرا بـەڵام ئێـستا سەرباری ئەوەی کەرەستەی چاپەمەنی و شارەزای لـەو بـوارەدا زۆر بـووە بـەڵام لـە دەرەوە ( بۆ کوردستان لە بەریتانیا و بـۆ ئێـراق لـە ئێـران ) کتێبـی پرۆگرامـەکانی قوتابخانـەکان چاپ دەکرێ .

جاران هەرچەندە خەڵکی ئەوەندە خوێندەوار و رۆشنبیر نەبوو لـە چـاو ئێـستادا و کـۆڕ و سمینـار و کۆبوونـەوەی حزبـی کـەمتر دەبەسـترا و رۆژنامـە و گۆڤـار و کتێـب کـەمتر دەردەچوون بەڵام هەستی نەتەوایەتی بەهێز بـوو لـە نـاو هـزر و ئـاوەزی تـاکی کۆمـەڵگای

کوردیدا ، بەڵام ئێستا چەند زەمینە گونجاو و لەبارە بۆ جۆش و خرۆشدانی هەستی کوردایەتی و نەتەوایەتی بەڵام هەست بە کاڵ بوون و سست بوونی ئەو ولائە دەکرێت .

جاران گوندەکانی کوردستان پاڵپشت و لانکی شۆڕش بوون زەخیرەیەکی لەبن نەهاتوو بوون بۆ دەنەدانی شۆڕش بەڵام ئێستا زۆریان چۆڵن و کەم ئاوڕیان لێدەدرێتەوە و هەندێکی خەریکە خاوەن گوندەکان ماڵە عەرەبی بۆ دەهێنن .

جاران هۆنراوەی شاعیرەکان دنیایەك بوون لە زانست و خۆشەویستی بۆ ژیان و چێژ بەخش و سەرنج راکێش بوون و زۆربەی خەڵکی خوێندەوار و نەخوێندەوار هۆنراوەی شاعیرەکانی ئەزبەر دەکرد بەڵام ئێستا کەس چوار دێڕ لە هونراوەی تازە ( ئازاد)ی ئەزبەر نییە هەرچەندە لەو بوارەدا شاعیری پایە بەرزمان هەیە.

جاران خۆشەویستی راستەقینە و ئەمەك و وەفا هەبوو بەڵام ئێستا ئەو پرۆسەیە کز بووە و خەریکە باوی نامێنێت و بێوەفای شوێنی دەگرێتەوە .

جاران هەر نەتەوەیەك ئەگەر کیانێك یان قەوارەیەکی نەتەوایەتی بۆ دابمەزرایە هەموو ئەوانەی کە سەر بە ئەو نەتەوە بونایە لە شوێنە جیاجیاکانی دونیاوە روویان تێدەکرد و بەشداریان دەکرد لە بنیاتنانی ئەو کیانەدا و پێشیان دەخست ، بەڵام ئێستا بە پێچەوانەوە کەوتووە دوای سەر هەڵدان و راپەرینی بەهاری ساڵی 1991 کورد پەرش و بڵاوی هەموو وڵاتانی جیهان بووە و گەنجەکان کوردستان بەجێدەهێڵن .

جاران لە پیاواندا سۆفی و دەروێشەکان پرچیان درێژ دەکرد و لە کۆڕی زیکرکردندا پەرش و بڵاویان دەکردەوە ئێستا ئەوانەی نوێژ ناکەن پرچ درێژ دەکەن و بەردەوام پرچیان بەدەرەوەیە .

جاران ئێستا لەگەڵ خویدا لوول دەدات و دەیپێچێتەوە بەرەو مێژوو ، هەقە هەموومان سود و کەڵك لە جاران و رابردوومان وەربگرین و بژاری بکەین باشەکانی بەرەو باشتر بەرین و خراپەکانیش ریشەکەن بکەین و دووبارەی نەکەینەوە .